# ڕۆڵی ژنانی باشووری کوردستان لە نووسینەوەی یاداشت و بیرەوەری (١٩٩٩ - ٢٠٠٣)

**م.ی.شوان ئەحمەد باپیر**
بەشی مێژوو، زانکۆی سۆران
Shwan.bapir@soran.edu.iq

**پوختە**
یاداشت و بیرەوەری، بە یەکێک لە ڕێگە باوەکانی نووسینەوەی سەربوردەی ژیانی تاکەکان لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا لەقەڵەم دەدرێن، تاک بۆ چەند مەبەستێک گوزارشت لە ژیانی تایبەتی خۆی و لە پاڵیشیدا وێنایەکی سەردەمی ڕابردووی خۆی ئاوێزانی ناو گێڕانەوەکانی دەکات، زۆر کات بارودۆخی سیاسی باڵکێشی خۆی بەسەر ڕەوتی گێڕانەوەکاندا زاڵدەکات، یاخود بواری ڕۆشنبیری، کۆمەڵایەتی و چەند بوارێکی دیکەش، ئەوەش لە پێناو جێکەوتکردنی چەند ئامانجێکی دیاریکراوەوەیە لەلاین یاداشت و بیرەوەری نووسەکانەوە.
ئەم توێژینەوەیە هەوڵی دەرخستنی ڕۆڵی ژنانی باشووری کوردستان لە نووسینەوەی یاداشت و بیرەوەری دەدات، تا چەند توانیویانە هاوشانی پیاوان لەم بوارەدا جێدەستی خۆیان بەدیاربخەن و ئەزموونی ڕابردوویان بگوازنەوە بۆ نەوەکانی ئەم چەرخە. ڕێبازی لێکۆڵینەوەی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە ڕێبازی شیکاری، لەمیانی کۆکردنەوەی داتا پێویستەکان و شیکردنەوەیان بۆ پڕکردنەوەی بۆشاییەکان و پەی بردن بەو هۆکار و فاکتەرانەی کاریگەرییان لەسەر ژنانی یاداشت و بیرەوەرینووسەوە هەبووە، سنوری ئەم توێژینەوەیە لە نێوان ساڵانی (١٩٩٩ - ٢٠٠٣)، بنەمای ساڵی چاپکردنی یاداشت و بیرەوەرییەکان لەبەرچاوگیراوە، کار لەسەر سێ یاداشت و بیرەوەری کراوە لەم ماوەیەدا چاپکراون، بواری سیاسی ڕەنگدانەوەی زۆری لە نێونووسینەکانیاندا هەیە بەراورد بە بوارەکانی دیکە لەوانە: ڕۆشنبیری، کۆمەڵایەتی، پەروەردەیی، هزری و بوارەکانی دیکە، هەوڵنەدراوە نووسینەکانیان پشت ئەستوور بکەن بە بەڵگەنامەیی مێژوویی، ڕێژەیەکی کەم لە ژنانی کوردی باشوور لەم ماوەیەدا درکییان بەنووسینەوەی سەربوردەی ژیانی خۆیان کردووە، ئەوەش گرێدراوە بە چەند بەربەستێکەوە لەوانە: بەربەستی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، هەست بە جۆرێک لە پەراوێزخراوی ژنان دەکرێت لەم بوارەدا.
**وشە سەرەکییەکان**: یاداشت و بیرەوەری، ناهیدە شێخ سەلام، بەهیە مەعروف بەرزنجی، پاکیزە ڕەفیق حیلمی.

**الملخص**
تعدّ اليوميات و المذكرات من أكثر الطرق شيوعا لإعادة كتابة ماضي حياة الأفراد في زمن اليوم، فالفرد يعبر عن حياته الشخصية لعدد من الأغراض، إلى جانب صورة لماضيه، وغالبا ما يسيطر وضعه السياسي على العملية السردية، أو المجال الثقافي والاجتماعي وغيرها، من أجل تحقيق أهداف معينة من خلال اليوميات و المذكرات . تسعى هذه الدراسة إلى بيان دور المرأة في جنوب كردستان في كتابة المذكرات واليوميات، بقدر ما استطاعت أن تظهر أيديها في هذا المجال ونقل تجاربها السابقة إلى أجيال هذا العصر .إنَّ منهج البحث في هذه الدراسة هو منهج تحليلي، يتضمن جمع البيانات اللازمة وتحليلها لسد الثغرات وفهم العوامل التي أثرت في النساء من اليوميات و المذكرات، نطاق هذا البحث بين عامي 1999 و2003، لقد تمّ اعتبار عام طبع المذكرة كأساس للأخذ بها، وتمّ العمل على ثلاث مذكرات ويوميات خلال هذه الفترة، والمجال السياسي له انعكاس كبير في افتتاحياتها مقارنة بالمجالات الأخرى مثل :المجالات الثقافية والاجتماعية والتعليمية والفكرية وغيرها، لم تجرب كتاباتهن الاعتماد على الوثائق التاريخية، ونسبة قليلة من النساء الكرديات الجنوبيات قمنَ بكتابة ماضي حياتهن خلال هذه الفترة، وهو ما يرتبط بعدة عقبات منها: سياسية، اقتصادية، اجتماعية، ونوع من تهميش المرأة في هذا المجال.
**الكلمات المفتاحية:** المذكرات و اليوميات، ناهدة شيخ سلام، بهية معروف برزنجي، پاكيزه رفيق حلمي.

**Abstract**



*JZSB* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

Memoirs are considered to be one of the most common ways of writing individuals' life experiences today. Individuals express their private lives for several purposes and they also include memories of their past in their stories. Often times, the political circumstances dominate the flow of narratives, so do other disciplines such as cultural, social aspects, and this is to achieve certain goals through the memoirs of the writers. This study attempts to show the role of women in South of Kurdistan in writing memoirs, how well they have been able to share their experiences from the past with the current generation and demonstrate their place in this field alongside men. This research has adopted analytical method in analyzing and collecting the data to fill the gaps in the literature and identify the factors that affect memoir writings. The scope of this study is from 1990 to 2003, besides the researcher has worked on three memoires that have been published during this period. The political aspects have been reflected in their writings compared to other fields such as culture, social, educational, intellectual and etc. Furthermore, to support their writings, historical documents are not used, and a handful of Kurdish women in the south are aware of their biographies during this particular period. This is linked to several obstacles, including political, economic and social constraints and it is evident that women are marginalized in this profession.

**Keywords**: Memoirs, Nahidah Sheikh Salam, Bahia Ma ‘roof Barzanji, Pakiza Rafiq Hilmi.

## پێشەکی

یاداشــت و بیرەوەری، وەک ڕێگەیەک بۆ گوزارشــتکردن لە ئەزموونی ڕابردووی تاکەکان، کار لەســەر گواســتنەوەی ئەزموونەکان و مێژوویییەک دەکات کە دەشێت لە ژێدەرەکانی دیکەدا، چەنگی لێکۆڵەرانی بواری مێژوو نەکەوێت و زۆر کاتیش بۆ پشتڕاستکردنەوەی ڕووداوەکان کڵکییان لێوەردەگیرێت، ژنانی باشووری کوردستان، خودان مێژوویەکی دێرینن لە هەندێک بوارداو لە ســەردەمە جیا جیاکاندا ڕۆڵییان هاوشــانی پیاوان باڵکێشــی ســەر ڕەوتی ڕووداوەکان بووە، لەبابەت ڕۆڵی ژنانی باشووری کوردستان لە نووسینەوەی یاداشت و بیرەوەری، بۆچی ئەم ناونیشانەمان بە ئامانج گرت، بێگومان ژنانی باشوور ڕۆڵێکی دانەبڕاویان هەیە لە زۆربەی بوارەکانی کۆمەڵگەی کوردی لەباشووری کوردستاندا، پیاوان بە ئەندازەیەکی تاڕادەیەک باش، دەست و پەنجەیان لەگەڵ ئەم بوارەدا نەرم کردووە، بەڵام ڕۆڵی ژنان بەدیار نەکەوتووە، بەو شێوەیە، بۆیە لێکۆڵینەوە لەم پرســەدا، دەشــێت ببێتە هەوڵێک بۆ زیاتر لێکۆڵینەوەکردن لەبارەی ڕۆڵی ژنان و کاریگەرییان لەســەر ڕەوتی ڕووداوەکان لە قۆناغەکانی دواتریش.

**گرنگی توێژینەوە :** ڕۆڵی ژنان لە نێوان ١٩٩٩ - ٢٠٠٣، وەک ســنوری ئەم توێژینەوە قۆناغێکی گرنگە، چونکە ئەوانەی بەم هەوڵە هەڵستاون لە دەستەبژێرە دیارو بەرچاوەکانی نێو کۆمەڵگەی کوردی بوونە، هەندێکیان پلەو پایەیی بەرزی حیزبیشیان هەبووە، بۆیە دەکرێت ئەزموونەکانیان بخرێنە بەر نەشتەری لێکۆڵینەوەی زانستی و بابەتییانە.

**ئامانجی توێژینەوە:** ئامانجی سەرەکی لەئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە پیشاندان و خستنەڕووی ڕۆڵی ژنانە لە نووسینەوەی یاداشــت و بیرەوەری، تا چ ئەندازەیەک ڕۆڵ و کاریگەرییان هەبووەو لەڕێگەی زانیاری ناو نووســینەکانییان توانیویانە هەوڵەکانی خۆیان زیاتر لە چ بوارێکدا ڕەنگڕێژبکەن.

پرسیاری توێژینەوە: ئایا نووسینەوەی یاداشت و بیرەوەرییەکانی ژنان، زیاتر هەوڵی دەرخستنی چ بوارێکی دیاری لەنێو کۆمەڵگەداوە، ئایا زمانی نووســینەوەیان تا چ ئاســتێک پێڕەوی لە بنەماکانی نووســینی زمانێکی دوور لە هەڵەی ڕەنووســی و ڕێزمانی کوردی کردووە؟ دەتوانین پشــت ببەســتین بە دروســتی بە زانیاری و مەعریفەو هۆشــیاری مێژوویی لای ئەم بیرەوەرینووسانە؟

**ڕێبازەکانی توێژینەوە:** لەم لێکۆڵینەوەیەدا پشت بەستراوە بە ڕێبازی شیکاری مێژوویی، لە پێناو دەرخستنی بایەخ و بابەتی بوونی نووســینەکانی نێودووتوێی نووســینەکانییان، هاودەم ســاڵی چاپ کردنەکەیان کراوەتە بنەمایەک بۆ ئەم لێکۆڵینەوەیە وەک سنووری لێکۆڵینەوەو تەنها ژنانی باشوورمان وەرگرتوونە.

**پێکهاتەی توێژینەوە:** ئەم لێکۆڵینەوەیە لە دوو تەوەرەو و ئەنجام پێکهاتووە، تەوەرەی یەکەمی چەمکی یاداشت و بیرەوەری و پێگەی ژن لە کۆمەڵگەی کوردی باشوور تا ساڵی ١٩٩٩، باسی لێوەکراوە، لەگەڵ خستنەڕووی داتای تایبەت بە یاداشت و بیرەوەرییەکان.

تەوەرەی دووەم: پێکهاتە و شێوازی نووسینەوەی یاداشت و بیرەوەریی ژنانی باشووری کوردستان، کە بۆ هەرسێ بیرەوەرییەکە، چەند خاڵێک وەک بنەما کاریان لەسەر کراوە، ئەوانیش: خستنەڕووی بیرەوەرییەکانییان، ڕەنگدانەوەی ئاستی ڕەخنە لە نێو بیرەوەرییەکانیاندا، کە ڕەخنەی سیاسی و خودی و کۆمەڵایەتی و چەند ڕەخنەیەکی دیکە لە خۆ دەگرێت، لە ڕووی کرنۆلۆژییەوە تا چەند سەرکەوتووبوونە ڕووداوەکان بە زنجیرەیی بگێرنەوە، لەگەڵ زمانی نووسینی بیرەوەرییەکەی و کەرەستە سەرەکییەکانی نووسینەوەی بیرەوەرییەکانییان، لە کۆتاییدا چەند دەرئەنجامێکی ئەم توێژینەوە خراونەتەڕوو.

**تەوەرەی یەکەم: چەمکی یاداشت و بیرەوەری و پێگەی ژن لە کۆمەڵگەی کوردی باشوور تا ساڵی ١٩٩٩ :**

نووسینەوەی یاداشت و بیرەوەری، لە بوارە بایەخپێدراوەکان لە کایەیی لێکۆڵینەوە زانستییەکاندا لەقەڵەم دەدەرێن، هەر یەک لەم دوو چەمکە تایبەتمەندی خۆیان هەیە و لە فەرهەنگەکانیشدا پێناسەی جۆراوجۆریان بۆ کراوە، ئێمە لێرەدا مەبستمانە لەسەر ئەم دوو چەمکە بوەستین و خاڵە جیاواز و هاوبەشەکانیان دەربخەین، لەبارەی چەمکی یاداشتەوە لە فەرهەنگی هەمبانە بۆرینەدا هاتووە، کە نووسینێکە بۆ مەبەستی لەبیرنەچوون (هەژار، ١٩٩١: ١٠٢٧)، وشەی یاداشت لە زمانی ئینگلیزیدا وشەی Diary، دەگەیەنێت و پێناســەکراوە بەوەی تۆمارێکی ڕۆژانەیە بەتایبەتی بۆ ئەزموونە کەســییەکان و هزرییەکانی، یاخود کتێبێکە بۆ پاریزگاریکردن لە یاداشتکراوەکانی خودی کەسەکە (webster, 2011: 421).

هاوکات لە ئینسایکلۆپیدیای بریتانیکادا لەبارەی چەمکی (Memoir)، تیشکدەخاتەسەر ئەوەی، کە بیرەوەری، مێژوویەکە پێکدێت لە چاودێری کەســی و ئەزموون، لە هەندێک باردا زۆر نزیکە لە ژیاننامەی خودی و ئەوانەی بیرەوەری دەنووسن زیاتر کەســانی ڕۆڵگێر، یاخود ئەوانەی لە نزیکەوە چاودێر و بەرکەوتەیان لەگەڵ ڕووداوەکاندا هەبووە و لێکدانەوەی جیاوازیشیان بۆ بەسەرهاتەکان کردووە (safra, yeshua, 2007: 1040)، لە کۆتاییەکانی سەدەی حەڤدەهەم، ڕۆماننووس و زاراوەناســی فەڕەنســی ئەنتوان فۆریتێر"Antoine Furetiere" (1619- 1688)، بیرەوەری بە کتێبی مێژوونووســانی ئەژمارکردووە و لەلایەن ئەو کەســانەوە دەستکاری دەکرێن، کە بەشــدارییان لە کێشــەکان، کاروبارەکان و ئەوانەی بینەری ڕووداوەکان بوونە، یاخود بارودۆخەکانی ژیانییان و دەستکەوتە شایستەکانییان لە خۆدەگرێت (جانال، ٢٠٢١: ١٥).

**پێگەی ژن لە کۆمەڵگەی کوردی باشوور ساڵی ١٩٩١ بۆ ١٩٩٨.**

ژن لە کۆمەڵگەی کوردی لە باشووری کوردستاندا، بە کۆمەڵێک بنەمای کۆمەڵایەتیی، ئابووریی و سیاسی گرێدراوە، هەر وەک هێز و توانایی کارکردنی تا ســاڵانێکی نزیک لە نێو چوارچێوەی خێزاندا تێنەپەڕیوە، لەو بوارانە: پاکردنەوەی نێو ماڵ، چێشت لێنان، پەروەردەکردنی منداڵ، میوانداری خزم و کەسە نزیکەکانی، ســەرباری ئەوانەش ژنی کورد، کە لە گوندەکاندا لە کێڵگەکان، ئاژەڵداری و لە هەندێک باردا کاری قورکاریپانکردووە سەرباری ئەوەی ئەنجامدانی ئەم کارانە بە بەرهەمێکی باش لە قەڵەم ئەدرێن، بەڵام ئەمانە وەک کاری پیاوان نین کە لە دەرەوەی خێزان ئەنجامیان ئەدات، چونکە لە بەرانبەر کارکردنیاندا پیاوان سامانیان چەنگ دەکەوێت وەک سەرمایەی خێزان بۆ گشت ئەندامانی خێزانەکەی، بۆیە ژنان بەهۆی نەبوونی پێوانەیەکی هاوســەنگ کارەکانییان بە ڕۆڵێکی نا ســەرەکی ئەژمارکراون (موکریانی، ١٩٩٨: ٧)، کەمال مەزهەر وای بۆچووە کە ژنی کورد بە درێژایی مێژوو ماف خوراوبووە و لە لایەن کۆمەڵەوە ستەمی زۆری بەرانبەر ئەنجامدراوە، گەلێک لە داب و نەریتە چەوت و ناشرینەکانی ژیان ڕەگ و ڕیشەیان لەناوماندا داکوتاوە (مەزهەر، ١٩٨١: ٧٦).


بەسەرنجدانمان لە ڕۆڵ و پێگەی ئافرەتان لە ساڵانی سەرەتایی سەدەی بیست، تاک تاک بەدیار کەوتوونە و شۆڕەتییان لە بوارەکانی وەک: ســوارچاکی، ئازایەتی، بەڕێوەبردنی بنەماڵە و هۆزەکان هەبوو، بەڵام بۆ داخوازییەکانی مافی ژنان، زۆر کەمیان هەوڵکەوتوونە بە نووسین یاخود بە کردەوە چالاکی شارستانیانە لە سەربەستی ژن دوابن و هاندرابن بۆ چوونە ڕێزی پیاوان بۆ ئەوەی لە بوارە جۆراوجۆرەکان وەک: هونەر، کولتوور و داهێناندا چالاکی و ڕۆڵێکی گرنگ بگێرن لە دەرەوەی بنەماڵەکەی خۆیاندا، ئەم ئەرکە زێدەتر پیاوی کورد لە ئەستۆی خۆی دەگرێت، بەدیاریکراوی توێژی شاعیران بە سەردەستەی ئەو کەســانە ئەژماردەکرێن داخوازی بۆ ژنان و مافەکانییان بە هەند وەرگرتووە و زەمینە خۆشــکەرێکیش بوونە بۆ دوان لە بارەی ئازادی و مافەکانی ژن لە کوردســتاندا، لە نموونەی ئەم شــاعیرانەش: حاجی تۆفیق (پیرەمێر) (١٨٦٧ - ١٩٥٠)، شێخ نوری شێخ ساڵح (١٨٩٦ – ١٩٧٠)، عەبدوڵڵا گۆران (١٩٠٤ – ١٩٦٢) و چەندان شاعیری دیکەش (پیرباڵ، ٢٠٢١: ٥٨).

لێرەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت لێکەوتەکانی ئەو ڕەوشەی کە ژنی کوردی تیادابووە ڕەنگدانەوەی بەسەر قۆناغەکانی دواتریشی جێکەوتکردووە، لە ئەنجامی ڕاپەڕینی جەماوەری ئاداری ١٩٩١، لە دژی حکومەتی عێراقی، باشــووری کوردســتان پێی نایە قۆناغێکی وەرچەرخێنەر و بوژانەوەیەک ڕووی لە زۆرێک لە کایەکانی ژیانی کۆمەڵگەی کوردی کردو ژنانی کوردســتانیش

جۆرێک لە گەشـــبینی ڕووی تێکردن، بۆ نموونە ژنان بەبێ ســـانســـۆرێکی ئەوتۆ، بە گوێرەی یاســـای کۆتا ٧٪ ڕێژەی دیاری کراو، سەربەستبوون لە وەی دەنگبدەن و خۆشیان هەڵبژێرن و سەر ئەنجام لە خولی یەکەمی پەرلەماندا لە ١٩ی ئایاری ١٩٩٢، وەک ئەزموونێکی تازە، پێچەوانەی زۆرێک لە وڵاتانی دەوروپشـــتمان، نۆ ژن بوونە ئەندام پەرلەمانی کوردســـتان، لە کۆی (١٠٩) ئەندام پەرلەمان (گەرمیانی، ٢٠١٥: ١٠ – ١٣). هاوکات ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، ســـەنتەر و ســـەندیکای تازە دامەزران، سـەرباری ئەوانەی پێشـووتر هەبوون و خەباتیان لە شـێوەی نهێنیدابوو، لەدوای ڕاپەڕین ئاراسـتەکە گۆڕاو بە ئاشـــکرا کەوتنەوە خەبات کردن، ژنان لەســـەرەتادا پۆڵ پۆڵ بەشـــدارییان هەبوو لە کار و چالاکییەکان و دواتر ڕێژەکەیان زیادیکرد، لەڕووی پێگەی جەماوەرییەوە دوو ڕێکخراو سـەربە دوو حیزبی جیاواز، ئەوانیش ڕێکخراوی ئافرەتانی کوردستان سـەربە پارتی دیموکراتی کوردسـتان و یەکێتی ژنانی کوردسـتان سـەربە یەکێتیی نیشـتمانیی کوردسـتان، ئەمانە ئەندامی زۆر و تواناییەکی باشیان لە ژێر دەستدابووە و برەویان بە کاری مەدەنی داوە (قەرەداغی، ٢٠١٨: ١١١). بەڵام هێشتاش بزوتنەوەیەکی سـەربەخۆیی ژنان بەدی ناکرێت و لە چوارچێوەی شوناسێکی زاڵ بەسـەر شوناسە سیاسی و حیزبی، بەڵکو کۆی دابەشبوونە سـیاسـی و ئایدۆلۆژی و حیزبییەکان لەناو کار و بیرکردنەوەکانییاندا بەدی دەکرێت، بە هەمان گوتاری سـیاسـی و ئایدیۆلۆژی حیزبەکان کاردەکەن (قانع، ٢٠٠٦: ١٨١).

**تەوەرەی دووەم: پێکهاتە و شێوازی نووسینەوەی یاداشت و بیرەوەریی ژنانی باشووری کوردستان:**

لە باشـووری کوردسـتاندا مێژووی نووسـینەوەی یاداشـت و بیرەوەری سـەبارەت بە ژنان مێژوویەکی دووری نییە، بەڵکو لە دوای ڕاپەڕینی ١٩٩١ جۆرێک لە بەدەمەوەچوونی ئەم بوارە ســەر هەڵدەدات، بەڵام ئاسـتەنگی سـیاسـی و ناجێگیری ڕەوشـی سیاسی لەنێوان هێزە کوردییەکان کە شەڕی ناوخۆی لێکەوتەوە، کاریگەری لەسەر زۆربەی بوارەکان جێهێشتبوو، لەنێویشیاندا بواری نووسـینەوەی یاداشـت و بیرەوەری. بە پێی بەداواداچونێک لەم ماوەیەدا لەنێوان سـاڵانی ١٩٩١ بۆ ٢٠٠٣، چەند چین و توێژێکی جیاوازی کۆمەڵگە لایان جێگەی بایەخ بووە، ســەربوردەی ژیانی خۆیان بنووســنەوە، ژمارەیان (١٠٢)، یاداشــت و بیرەوەرینووسە، هەر وەک لەم خشتەیەی خوارەوەدا بەدەردەکەوێت، ئافرەتان جێگەیەکی دیاریان نەبووە لەم بوارەدا.




سێ ژن بەتەنگ نووسینەوەی سەرگوزشتەی ژیانی خۆیانەوەبوون لەنێوان سـاڵانی ١٩٩٩- ٢٠٠٣ (باپیر، ٢٠٢٣: ١٢٦، ١٢٧). لێرەدا شـــیکردنەوە بۆ بیرەوەرییەکانییان دەکەین، هەریەکە و کۆمەڵێک بابەت و باســـی مێژوویی جۆراوجۆری لە خۆگرتووە و ئەزموون و وێنای ســـەردەمی خۆیان گواســـتۆتەوە بۆ نێو بیرەوەرییەکانیان، لەم لێکۆڵینەوەیەدا هەوڵدراوە لە ژێر ڕۆشـنایی چەند بوارێکی نێو ئەم بیرەوەرییانە هەڵسـەنگاندنیان بۆ بکرێت لەو کەسـایەتییانەی لێرەدا تیشـکیان خراوەتە سـەر ئەم سێ ژنەن:

**یەکەم: ناهیدەی شێخ سەلام (١٩٢٢ - ٢٠٠٦):**

**1. خستنەڕووی بیرەوەرییەکەی:**

ناهیدەی شێخ سەلام، سەرتۆپی ژنانی باشووری کوردستانە لەم بوارەدا دەستپێشخەری کردبوو لە ساڵی ١٩٩٩، کە یەکەمین بیرەوەریی چاپکراوی ژنان لەدایکبوو لەسەر دەستی ئەو، بیرەوەرییەکەشی لە ژێر ناوی "ئەوەی لەبیرمە"، چیمەن ساڵح ئامادەکردنەکەی بۆ کردبوو، لەلایەن چاپخانەی وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان بڵاوکرابووەوە، لەبەرایی بە دوان لە بارەی ناساندنی خانەوادەکەی خۆی دەستپێکردووە هاوشێوەی زۆربەی بیرەوەرینووسانی دیکە ئەم خاڵەیان بەهەند وەرگرتووە، کە بنەچەی بنەماڵەکەی خۆیان بناسێنن، هەر بیرەوەرییە و هەڵگری چەند تایبەتمەندییەکە، بیرەوەریی ناهیدە شێخ سەلامیش خۆی دەدۆزێتەوە لە چەند باسێکی پێوەست و گرێدراو بە مێژوویی سیاسی بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردی، بەتایبەتی لە چلەکانی سەدەی بیست بەرەوسەرەوە، بەنموونە لە لاپەڕە (٢٨)، باس لە چوونی دەکات بۆ نێو ڕیزەکانی حیزبی "ڕێی ڕاست"، بە حیزبێکی بچووکی لە قەڵەم داوە، بەڵام لەبنەڕەتدا کۆمەڵەیەکی سیاسی بووە، نەوەک حیزب، ئەم کۆمەڵەیە لە حیزبی هیوا جیابۆتەوە و سەرکردەکانی حیزبی شۆڕش، چاویان کەوتبوو بە ئەندامانی کۆمەڵەی "ڕێگای ڕاست"، دواتر لە ئەندامانی حیزبی هیوا، حیزبی شۆڕش، حیزبی ڕزگاری لەدایکبوون، لە شاری سلێمانی (فاتح، ٢٠١٤، ١٦٨). ژنانی کوردستان ڕۆڵیان لە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان "ژ.ک"هەبوو، لە لقی سلێمانی ناهیدە، ڕۆڵی بەرچاوی لە کۆکردنەوەی ئەندامان هەبوو شانبەشانی ژنانی دیکە هاوشێوەی نەعیمە ئەحمەدی خوشکی ئیبراهیم ئەحمەد، زەکیە بابان، لوتفیەی مەلا سدیق و چەندانی دیکە (سەلام، ١٩٩٩: ٣١، ٣٢؛ ئۆمەربلی، ٢٠٢٣: ٢٢، ٢٣)، لە ڕیزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان وەک یەکەمین ژن توانیویەتی لە کۆنگرەی پێنجەمی حیزبەکەیدا لە ئایاری ١٩٦٠ لە شاری بەغداد، وەک ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردرێت و کاروباری پێوەندییەکانی پێ سپێردرابوو (سەلام، ١٩٩٩: ٤٥). چەند لایەنێکی ژیانی سەردەمی خۆی سەرنجی ڕاکێشاوە و باسی لێوەکردووە بۆ نموونە، لە لایەنی تەندروستی، باسی پزیشکی میللی ئەو کات دەکات لەمیانی نەخۆشکەوتنەکەی، کە قاچەکانی دووچاری نەخۆشی باداری هاتبوون، شێخ مەحموودیش بە باوکی ناهیدە شێخ سەلامی ڕاگەیانبوو: "ئافرەتێک هەیە بە ناوی پورە فاتیمە با لەناو مەقەڵی ئاگرێکی گەورە بکاتەوە و بە ڕۆنی زەیتون و بە ئانیشک شوێنی بادارییەکەی بشێلێ" (سەلام، ١٩٩٩: ١٦). لە بابەت بواری هونەری ساڵی ١٩٦٩ باسی نمایشکردنی فیلمێکی سینەمایی مێژوویی لە سینەما ڕەشیدی شاری سلێمانی کردووە و دواتر گرژی لێکەوتۆتەوە، تەقە لە کۆمەڵێک لە کەسانی سەربە دەوڵەتکراوە کە ئازاری خەڵکیان دابوو، سەرئەنجام ژمارەیەک لە گەنجی شارەکە گیراون و دواتر بە هەوڵی ناهیدە بەردراون (سەلام، ١٩٩٩: ٦٦، ٦٧). تێبینی ئەوە کراوە باسەکانی گشتگیرن و زۆر قوڵ نەبۆتەوە تیاییانداو جۆرێک لە لاینگری تێدایە بەتایبەتی لە خاڵی ناکۆکییەکانی نێوان باڵی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان و باڵی مەلا مستەفا بارزانی لە کاتی لێکترازانی ساڵی ١٩٦٤، سەرباری هەوڵەکانی بۆ ئاشتەوایی نێوانیان، بەڵام لە هەندێک هەڵوێستیدا گرێی دەرونی هەبووە بەرانبەر ئیبراهیم ئەحمەددا.

بواری سیاسی لەم بیرەوەرییەدا زۆرترین ئامادەگی هەیە، بەو پێیەی ناهیدەی شێخ سەلام لە تەمەنی لاوێتییەوە تێکەڵاوی خەباتی سیاسی بووە، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە ڕەوتی ڕووداوەکانی کرداری ئەنفال و کیمابارانکرانی ناوچە هەمەجۆرەکانی باشووری کوردستان، لە بیرەوەرییەکەیدا بەدیناکرێت، هاوکات کێشە و ململانێکانی نێوان هێزە کوردییەکانی دوای ساڵی ١٩٩١، ڕەنگدانەوەی نەبووە بەسەر گێڕانەوەکانی ناوبراودا.

**٢. ڕەنگدانەوەی ئاستی ڕەخنە لە نێو بیرەوەرییەکانیدا:** لە بارەی ڕەخنەی خودییەوە خۆی دوورە پەرێزکردووە لە گرتنی ڕەخنە لە ڕەوتی ڕووداوەکانی پەیوەست بە ژیانی خۆی، تەنها ئەوە نەبێت لە بارەی سەرچاوەی داهاتی حیزبەکانەوە لە ساڵانی پەنجاکان ئەدوێت بە دیاریکراوی ساڵی ١٩٥٦، ئەوکاتەی لە کەرکووک بوونە و حیزب لەسەر باربۆی ئەندامەکانی ژیاوە و خەڵکی هەژار حیزبی بەخێو دەکرد و بەراوردی کردووە بە سەردەمی ئێستا، کە حیزبەکان دەوڵەمەندن و خەڵکیش هەژارن (سەلام، ١٩٩٩: ٤٠).

٣. **لە ڕووی کرنۆلۆژییەوە:** پابەندی ئەوە نەبووە ڕەوتی ڕووداوەکان وەک خۆی بەشێوەی زنجیرەیی بەدوای یەک بگێڕێتەوە، بۆنموونە: لە کودەتایی ٨ی شوباتی ١٩٦٣ی حیزبی بەعسەوە دەگەڕێتەوە بۆ سەر باسێکی تازە ئەویش هەڵگیرساندنی شۆڕشی ئەیلوول لە ١١ی ئەیلولی ١٩٦١ (سەلام، ١٩٩٩: ٤٨، ٤٩).

**٤. زمانی نووسینی بیرەوەرییەکەی:** سەبارەت بە زمان تێبینی ئەوە دەکرێت، لە هەندێک شوێندا زمانێکی زبری بەکارهێناوە بۆ گوزارشتکردن لە بۆچوونەکانی، هەروەها بەکارهێنانی هەندێک دەستەواژەی زمانی عەرەبی لە چەند شوێنێکدا بەبێ ئەوەی وەریانبگێڕێت بۆسەر زمانی کوردی (سەلام، ١٩٩٩: ٥٩، ٧٣، ٧٧)، هاوکات وەک پێڕەویکردن لە ڕێنووسێکی کوردی پەتی و لەڕووی خاڵبەندی و زمانێکی پاک لە هەڵەی ڕەنووسی، ئەمە بەدیناکرێت، ئەوەی بە هەند وەرنەگرتووە بیرەوەرییەکەی جۆرێک لە پێڕەوکردن لە زمانێکی گونجاوی نووسین و خۆ دوورگرتن لە هەڵەی ڕێنووسی پێڕەوی لێبکات،



***JZSB*** p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

سەرباری بوونی چەندان ژێدەری پێوەست بەم بوارانە و یاخود پشت ببەستێت بە پسپۆڕانی ئەم بوارە، بۆ ئەوەی نووسینەکانی بە زمانێکی ڕێک و ڕەوان بەدەربکەون.

**٥. کەرەستە سەرەکییەکانی نووسینەوەی بیرەوەرییەکانی:**

**شیعر:** بەو پێیەی باوکی شاعیربوو (شێخ سەلام)، بۆیەشە کاریگەری ناوبراوی بەسەرەوە هەبوو، لە هەندێک شوێندا وەک کارئەکتەرێکی دیار لەنێو بیرەوەرییەکەیدا پشتی پێبەستووە و شیعرەکانیشی وەک کەرەستەی نووسین بەکارهێناون، بۆ نموونە لە شیعرێکی باوکیدا بە هاوبەشی لەگەڵ فایەق بێکەس هاتووە:

بۆ مدیری شاری پینجوێن بۆ پێنجوینیش بۆت ئەخۆم سوێن
تۆ لە کوێیت و ئەوان لە کوێن بەرتۆم هەزاران عەربەجۆ
هەزاری بێ عەقل و کەمال بۆ خۆی گەیی بە ماڵ و حاڵ
وەک عیزەدین لە چەمچەماڵ مەیئوس مەبە جاشی مناڵ
بەرتۆم هەزاران عەربەجۆ (سەلام، ١٩٩٩: ٧- ١٠).

**بەسەرهاتی پێکەنیناوی:** لەمیانی کاروچالاکییەکانیدا، هەندێکجار خۆی بینیوەتەوە لەبەردەم بەسەرهاتێک لای بۆتە جێگەی نوکتە، بەنموونە باس لە چوونی دەکات بۆ کۆبوونەوەیەک لە ماڵی فایەق بێکەس، لەگەڵ دوو ژنی دیکە بە ناوەکانی "زەکییە بابان و نەعیمە"، نوری ئەحمەد تەهاش (١٩٢١- ١٩٩١)، بەدوایان کەوتبوو توانجی لێدابوون، کاتێک لە کۆبوونەوە یەکتری دەبینن، نوری ئەحمەد تەها زۆر بەسەر خۆیدا شکابووەوە لە ترسی کاردانەوەکانی ئەم سێ ژنە (سەلام، ١٩٩٩: ٣٢).

**نامەو وتار:** هونەرمەند جەمال بەختیار (١٩٢٧ ــ ٢٠٢٠)، نامەیەکی لە ڕێکەوتی ٧ی کانوونی یەکەمی ١٩٩٨، بۆ ناهیدە شێخ سەلام ناردووە و تیایدا ئاماژەی بەوە کردووە لە ساڵی ١٩٤٥، لە چالاکییەکی حیزبی هیوا لە ڕێگەی ناهیدەوە نامەیەکی فەرمی حیزبییان پێ گەیاندۆتە دەستی جەمال بەختیار و ئەویش گەیاندویەتی بە دەستی مستەفا خۆشناو (١٩١٢ ــ ١٩٤٧)، دەقی نامەکەی داناوەتەوە وەک خۆی (سەلام، ١٩٩٩: ٩٧، ٩٨). لە بابەت وتاریشەوە، ئەو کەسانەی لە بارەی ناهیدەوە دواون و جۆرێک لە نرخاندن بۆ هەڵوێستەکانی کراوە، بەنموونە مەحموود زامدار (١٩٤٤ ــ ٢٠١١)، لە وتارێکدا بەناوی "ناهیدە خان پەروەردەکارێکی لێهاتوو بوو"، چەند هۆندراوەیەک لەو کاتەی قوتابی بووە، ناهیدە فێری قوتابییەکانی کردووە، وەک:

هەرچەندە من منداڵم
نیوە زمان و لاڵم
نازانم ڕێگای ماڵم
بەڵام زۆر چاک دەیزانم
من منداڵی کوردستانم
فیدایە ڕۆح و گیانم
بۆ هۆزو نیشتمانم
نیشتمانم ئەسیرە ...، (سەلام، ١٩٩٩: ٩٣، ٩٤).

**دووەم: پاکیزە ڕەفیق حیلمی:**

**1. خستنەڕووی بیرەوەرییەکەی:**

دووەمین ژنە لە باشووری کوردستان، پەی بە بایەخی نووسینەوەی بیرەوەرییەکانی بردووە، هاوشێوەی باوکی ڕەفیق حیلمی، کە یەکەمین کوردی باشوورە بە زمانی کوردی یاداشتەکانی خۆی لە ساڵی ١٩٥٦دا بڵاوکردۆتەوە (حلمی، ١٩٥٦)، پاکیزە لە گەشتێکدا بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ٢٧ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٩٥، دەکەوێتە سەر هزری ئەوەی سەرگوزشتەی ژیانی خۆی بنووسێتەوە بەناونیشانی "کورد و ژیانێکی پڕ ئەندێشە"، ئەم یاداشتەی بەسەر چوار بەشدا دابەش کردووە، وەک زۆرێک لە بیرەوەرینووس و یاداشتنووسی دیکەی کورد بنەچەی خێزانەکەی و ڕەچەڵکی خۆی ناساندووە، ئەو لە ناحیەی سورداش لەدەمی بۆمب بارانکردنی شاری سلێمانی لە لایەن بەریتانییەکانەوە ساڵی ١٩٢٢ لەدایکبوو، بۆیەشە ناونانی بیرەوەرییەکی بەستۆتەوە بە ژیانێکی ئەندێشەیی و هەر لە ساڵی ١٩٢٦ەوە سەربوردەی ژیانی خۆی چ لە باشووری کوردستان، ناوەڕاست و باشووری عێراق، میسر، ئەمریکا، بەریتانیا، ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات و ئوردەن، لە هەر یەکێک لەو وڵات و ناوچانەی دیاریمانکردوونە بەشێک لە ڕەوتی ڕووداوەکانی گرێدراو بەژیانی خۆی و تێڕوانینی بۆ چەند پرسێکی باوی سەردەمی خۆی دەگوازێتەوە بۆ نێو بیرەوەرییەکەی، بەتایبەتی لەژێر کاریگەری کێشە کۆمەڵایەتییەکانی پەیوەست بە ژیانی خۆی وای لێکردووە بکەوێتە سەر بیری ئەوەی بە زمانی دایکی بیرەوەرییەکەی بنووسێتەوە نەوەک بە زمانی عەرەبی بەو پێیەی هاوسەرەکەی نەژادی جیاواز بوو کە (فؤاد الراوي)بوو، خۆشی ئەم ڕاستییە بەرجەستە دەکات و دەڵێت "هەرچەندە

زمانی عەرەبی لە عەرەبە شــارەزاکان باشــتر ئەزانم"، بەڵام بڕیاری ئەوەی دابوو بە زمانی نەتەوەکەی کورد بیرەوەرییەکانی بنووســێتەوە چونکە تێڕوانینی وایە، کە بەزمانی دایک بنووســرێت ئەوا چێژبەخشــترەو بۆ هەموو نەتەوەکەی دەنووســێت و ئاواتەخوازیشبوو، کە کچەکانی هەوڵی ئەوە بدەن خۆیان فێری زمانی دایکییان بکەن و لە هەست و دەروونی تێبگەن لە ڕێگەی بیرەوەرییەکەی (حیلمی، ۲۰۰۰: ۷ - ١٦ ).

**۲. ڕەنگدانەوەی ئاستی ڕەخنە لە نێو بیرەوەرییەکانیدا:**

چەند جۆرێک لە ڕەخنە بەدیدەکرێت لە نێو دووتوێی بیرەوەرییەکانیدا، لەوانەش: ڕەخنەی سیاسی، لە چەند شوێنێک ئەوە بەدیدەکرێت کە لەباسکردنی ڕووداوێکی مێژووییدا ڕووی ڕەخنەی ئاراستەی کارئەکتەری جیاوازی نێو ڕووداوەکان کردووە، بۆ نموونە لەگەڵ دامەزراندنی حکومەتی یەکەمی شێخ مەحموود لە ١٦ی تشرینی یەکەمی ١٩١٨، چەند کەسایەتییەکی کوردی دەچنە پاڵی لەوانە: تۆفیق وەهبی بەگ (١٨٩١– ١٩٨٤)، محەممەد ئەمین زەکی بەگ (١٨٨٠– ١٩٤٨)، (مستەفا پاشای یاموڵکی) (١٨٦٦– ١٩٣٦)، هاوکات لە دوای نەمانی دەسەڵاتی حکومەتەکەی شێخ مەحموود لە ١٩ تەممووزی ١٩٢٤، ئەم کەسایەتییانە ڕێگەی بەغدادیان گرتەبەر و لەوێ بەرپرسیارێتی هەمەجۆریان وەرگرت و بەپێی بۆچوونی پاکیزە ئەمانە خۆیان لە کێشەی کورد بێ باک کردووە، تەنها بۆ لە خشتەبردنی کوردەکان هەندێک نووسینیان لەبارەی کورد بڵاوکردبوەوە و ئەم کەسایەتییانەی بەراورد کردوونە بەوانەی لە کوردستاندا مابوونەوە نموونەی بە حاجی تۆفیق (پیرەمێرد) (١٨٦٧-١٩٥٠) و ڕەفیق محەمەد ساڵح (ڕەفیق حیلمی) (١٨٩٨ – ١٩٦٠) هێناوەتەوە (حیلمی، ٢٠٠٠: ١٣١، ١٣٢). سەبارەت بە هەڵوەشاندنەوەی پارتی هیوا لە ساڵی ١٩٤٣، هۆکارەکەی گەڕاندۆتەوە بۆ ئەو کوردانەی هەڵگرانی بیری شیوعییەت بوون و هاوکات لە دوای دوورکەوتنەوەی مەلا مستەفا وەک کار ئەکتەرێکی دیار لەسەر شانۆی ڕووداوەکان و چوونی بۆ یەکێتی سۆڤییەت لە ١٨ی حوزەیرانی ١٩٤٧، ڕێگە خۆشبوو بۆ ئەوەی شیوعییەکان دەستبگرن بەسەر پارتی دیموکراتی کورد، بە ئامانج گرتنی ئیبراهیم ئەحمەدی مەبەستە لێرەدا، بەتایبەتی لەو کاتەی بۆتە سکرتێر لە پارتی دیموکراتی کورد لە ساڵی ١٩٥٣، ڕێگەی کردەوە بۆ ئەندامانی حیزبی شیوعی عێراق بێنە نێو پارتی دیموکراتی کورد (پاکیزە، ٢٠٠٠: ٢٢٠، ٢٢١)، لێرەدا کەوتۆتە نێو هەڵەوە باس لەوە دەکات کە ناوی حیزبەکەیان گۆڕیوە و کردوویانەتە بە حیزبێکی" مارکسی لینینی"، بەڵام ئایدۆلۆژی پارتی بریتی بوو لە هزری مارکسی – لینینی، هەر لە کۆنگرەی سێیەم لە کانوونی دووەمی ١٩٥٣، ناوی پارتی دیموکراتی کورد دەگۆڕدرێت بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان- عێراق (دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان، ب١، ٢٠٢١: ٧٣).

جۆرێکی دیکە لە ڕەخنە بریتییە لە ڕەخنەی کۆمەڵایەتی، کە لەنێو ئەم بیرەوەرییەدا بەدی ئەکرێت، بەتایبەتی ڕووی ڕەخنەی بۆ ژنان و پیاوانە وەک دوو ڕەگەزی کاریگەر لە کۆمەڵگەدا، کە سەرنج دەداتە سەر ساڵانی بیست و سییەکانی سەدەی ٢٠، ژنانی سلێمانی بە زۆری نە خوێندەواربوون و لە نەخۆشی منداڵاندا باوڕیان بە وەرگرتنی چارەسەر نەبوو لای دکتۆرەکان، بۆیە پەنایان دەبردە بەر مامۆستای ئاینی بۆ ئەوەی نوشتە و پاڕانەوەی بۆ بکات، هاوکات بەشێکی زۆری نەخۆشکەوتنی منداڵانی ئەو کات گەڕاندۆتەوە بۆ نەخۆشی سورێژە، ئاوڵە، سکچوون و گرانەتا، ساڵانە ٪٧٠ی منداڵان بەو نەخۆشیانە مردبوون، هاوکات چەوساندنەوەی ژنانی بۆ ئەوە گەڕاندۆتەوە جڵەوی ژیان هەموو کات بەدەست پیاوەوەبووە و ئەگەر دەرگای زانست لەلایەن پیاوەوە نەکرێتەوە ئەوا هەم ژن و هەمیش پیاو لە دواوە ئەبن و بەرەوپێش ناڕۆن و کۆمەڵگەی کوردستانی بە کۆمەڵگەیەکی نەفام لە قەڵەم داوە (حیلمی، ١٩٩٩: ١٤٥، ١٤٦). لێرەدا پاکیزە زۆر بەگشتگیری بڕیاری لەسەر ئەوە داوە ژنان هەموو دەم لەلایەن پیاوانەوە دەستەمۆ کراون، بەڵام ژنی کورد جۆرێک لە سەربەستی هەبووە و زۆر کاتیش هاوشێوەی پیاوان لە ئەرک و بەرپرسیارێتی هاوشانی یەکتری بوونە بەتایبەتی ژنانی گوندنشین، تەنانەت لە کاری هەرەوەزیش زۆر بەتەنگ باشترکردنی ژیانی خانەوادەکەیانەوەبوون. هەندێک لە گەڕیدە بیانییەکان ئەوە پشتڕاست دەکەنەوە وەک: سۆن مکووڕە لەسەر ئەوەی کە ژنی کورد وەکو وڵاتانی ئەوروپی ئازادن، ڕامبۆش پێی وایە ژن و پیاو بەلای کوردانەوە یەکسانن، هاوکات بەلای هێنی هارۆلد هانسنەوە مۆرک و شێوازی شارستانێتی ئیسلامی لەناو ژنانی کورددا بوونی هەیە و بەراورد بە ناوچە موسڵمان نشینەکانی دیکە جیاوازن (هانسن، ١٩٨٣: ٣٦٦).

خاڵێکی جیاوازی ئەم بیرەوەرییە لەوەدا خۆی بەرجەستەکردووە، پاکیزە خۆی کەنارگیرنەکردووە لە ڕەخنەگرتن لە هەندێک لە هەڵوێستەکانی خۆی بۆ نموونە بەهۆی کێشەی خێزانی و ناکۆکی لەگەڵ هاوسەرەکەی و چوونی بۆ وڵاتی ئوردن وەک مامۆستای میوان لە بەشی زمانی عەرەبی زانستگەی عومان ساڵی ١٩٧٧، کچەکەی بەناوی "میلۆ" لەسەر داوای باوکی گەڕێندرایەوە بەغداد، بۆیە دەڵێت "بەم قسانە مناڵەکەی هەڵخەڵەتاند منیش لە ژیانمدا ئەگەر پەشیمانیەکم دی بێ ئەوەبوو کە زۆر پەشیمان بومەوە دوای ئەوەی کەکچم بەزۆر گڵ نەدایەوە" (حیلمی، ٢٠٠٠: ٢٦٤، ٢٦٥). یەکێکیشە لەو ژنە بوێرانەی سڵی لە باسکردن لە ژیانی تایبەتی خێزانەکەی نەکردۆتەوە هەروەک لە پێشەکی بیرەوەرییەکەیدا هێمای بۆ ئەوە کردووە، کە کرداری

هاوســەرگیری لەگەڵ کەسـێکدا ئەنجامدابوو، لە نەژادی نەتەوەی عەرەب بوو، بە هەڵەیەکی کاریگەری ئەژمارکردبوو لەســەر ژیانی خۆی، وەک پەڵەیەکی تاریکی وێناکردووە، کە ژیانی لێ تاڵ کردبێت و بۆتە کوێرەوەرییەکی زۆر بۆی بەتایبەتی لە هەرەتی گەنجیدا ئەو بڕیارەی دابوو کە هاوسـەرگیری لەگەڵ کەسێکی بە نەژاد عەرەب بکات، باوەڕی جیاوازی نەژاد و ئاینی لەلا چەکەرەنەببوو (حیلمی، ٢٠٠٠: ٨).

٣. **لە ڕووی کرنۆلۆژییەوە:** ســەرکەوتوونەبووە لەوەی بتوانێت ڕووداو و بەســەرهاتەکان بەشــێوەی زنجیرەیی بگێڕێتەوە بەڵکو باسـەکانی بە تێکەڵی خستونەتەڕوو، بۆ نموونە لەباسـی ڕەفیق حیلمی و پێوەندییەکانی لەگەڵ شێخ مەحمووددا، دەچێتەوە سـەرباسـی کەسـایەتی مستەفا بارزانی لە دوای گەڕانەوەی لە ئێران و دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ١٩٤٦ و بەرجەستەکردنی ڕۆڵی لە هەڵگیرسانی شۆڕشـی بارزان، بەڵام بەبێ دیارکردنی جولانەوەی بارزانی یەکەم، یاخود شـۆڕشـی ئەیلوول (حیلمی،٢٠٠٠: ١٥٥، ١٥٦)، هەروەها لە باسی نەمانی دەسەڵاتی عەبدولسەلام عارف لە ١٣ی نیسانی ١٩٦٦، دێتەوە ســەرباســی ســاڵانی ١٩٥٨ و دامەزراندنی دادگای گەل، کە فازل عەباس مەهداوی ســەرۆکایەتی دەکرد لەســەردەمی فەرمانڕەوایەتی عەبدولکەریم قاسمدا (حیلمی، ٢٠٠٠: ٢٣٢).

٤. **زمانی نووســینی بیرەوەرییەکەی:** زمان تا لە هەناوی ئەدەبییات و شــیعرییوونەوە ســەر دەربهێنێت ڕوویەکی ئەدەبی وەردەگرێت (کەســنەزانی، ٢٠٢٢: ٢٠٧)، لەم بیرەوەرییەدا زمانی گێڕانەوە زیاتر مەیلی بەلای مێژوودا شــکاوەتەوە، تێبینی ئەوە کراوە لە هەندێک جێگەدا بە زمانێکی ئەدەبی گوزارشتی لە دەربڕینەکانی خۆی کردووە، بۆ نموونە لە ستایشی پیرەمێردی شــاعیردا دەڵێت: "کوردی ژیاندەوەو لە گۆڕی مردنی هێنایە دەری و خستیەوە ســەر زەمین بەهەموو بۆن و بەرامەی خوێنی گەشـی بەهارەوەو هێنایە جۆش بۆ خەباتی خۆ ناسینەوەو خۆ بەدونیا ناسین و جەنگی رزگاری و مافی رەوای کوردی سەندەوە لە چنگی داگیرکەرانی وڵاتەکەی" (حیلمی، ٢٠٠٠: ١٣٦). هەر پەیوەندیدار بە پرســی زمان دەبینین زمانی زبر و بێ پەردەی بەکارهێناوە لە چەند شوێنێکدا بە تایبەتی لە گوزارشتکردن لە نەیارەکانی خۆیی و باوکیدا، لێرەدا زمانی نووسینی دەچێتە خانەی زمانی مەجلیســی و زمانی نافەرمییە، لە باســی پێوەندی ڕەفیق حیلمی و ئیبراهیم ئەحمەددا، لەو ماوەیەیی کە قوتابی ســەرەتایی بوو لە ساڵانی سییەکاندا، قوتابییەکی نا ڕاوەستاو بووە، دەستەواژەی "بلە سەگ"ی بۆ بەکارهێناوە، سەرباری کردنە دەرەوەشی، ئەوەش بە بۆچوونی پاکیزە، گرێیەکی دەرونی لەلای ئیبراهیم ئەحمەد، دروستکردووە و تەنانەت کە پارتی هیواش دامەزرابوو، ئیبراهیم ئەحمەد قوتابی کۆلێژی یاســابوو، ئامادەنەببوو هاوشـێوەی قوتابییە کوردەکان بچێتە ڕیزی ئەم پارتە، چونکە حەزی بە ڕێبەرایەتیکردنی حیزب لەلایەن ڕەفیق حیلمییەوە نەبوو، تــا ئەو ڕادەی گوتبووی ڕەفیق حیلمی کورد نییە تورکە (حیلمی، ٢٠٠٠: ٢١١، ٢١٢). لێرەدا ئەوە دەخوێندرێتەوە پاکیزە سـەرباری ئەوەی وەک یەکەمین ژنی باشووری کوردستان توانیویەتی لە زانکۆی هاردڤارد- بەشــی زمانەوانی – بەراوردی زانیاری وشــەســازی لە زمانە ڕۆژهەڵاتییەکانی ناوەڕاســتدا، لە ســاڵی ١٩٥١ بڕوانامەی ماسـتەر بەدەسـتبهێنێت، بەڵام نەی توانیووە خۆی دوورەپەرێز بکات لە بەکارهێنانی زمانێک بەدووربێت لە زمانی یەکتری شکاندن و پەلاماردانی نەیارەکانی.

٥. **کەرەســـتە ســـەرەکییەکانی بیرەوەرییەکانی**: لەم بیرەوەرییەیدا پەنای بۆ چەند کەرەســـتەیەک بردووە، لەپێناو زیاتر هەمەچەشــنکردنی زانیارییەکانی و لە هەندێک باریشـــدا بۆ پشـــتڕاســـتکردنەوەی بۆچوونەکانی بە گرنگی زانیووە لە چەند گۆشـەنیگایەکەوە باسـەکانی بگێڕێتەوە، لەو کەرەستانەی پشتی پێ بەستووە، سـەرباری ئەوەی بە پلەی یەکەم پشتی بە یادگەی خۆی بەستووە بۆ گێڕانەوەی بەســەرهاتەکانی، بەڵام هانای بۆ هەندێک کەرەستەی دیکە بردووە لەوانە: بەپلەی یەکەم یاداشـت وەک سەرچاوە لە چەندین شوێن بۆ پشت ڕاستکردنەوەی بۆچوونەکانی بۆیان گەڕاوەتەوە بە نموونە:

**یاداشت:** یەکێکە لە کەرەستەکانی لە دوای یادگەی خۆی زۆر بۆی گەڕاوەتەوە، لە هەندێک بابەتدا وەک سەرچاوەیەک پشتی پێبەســـتووە بۆ نموونە: لە باســـی ئەنجامدانی هەڵبژاردن بۆ ئەندامانی کۆمەڵەی کوردســـتان، ڕەفیق حیلمی پلەی یەکەمی بەدەستهێنابوو، لە بەشی سێیەمی یاداشتەکانی ڕەفیق حیلمی زانیاری گواستۆتەوە ناو بیرەوەرییەکەی (حیلمی، ٢٠٠٠: ١٥٦)، لە جێگەیەکی دیکەدا هەر بە پشتبەستن بە بەشی سێیەمی یاداشتەکانی باوکی باس لە گەشتی ڕەفیق حیلمی بۆ ئەنقەرە دەکات، ناهێدە تیشــکی خســتۆتە ســەر نەخۆشــکەوتنی، کە لە ڕێگەدا دووچاری لەرزو تا هاتبوو (حیلمی، ٢٠٠٠: ١٦٤)، بەڵام دروسـتەکەی ئەوەیە بۆ ئەنجام نەدانی دیدار لەگەڵ مستەفا کەمال ئەتاتورک (١٨٨١، ١٩٥٨)، خۆی نەخۆشـکردبوو (حیلمی، ٢٠٠٣: ٤٢١، ٤٢٢)، هاوکات بەرواری گەشــتەکەی بە مانگی نیســانی ١٩٢٢، لە قەڵەم داوە (حیلمی، ٢٠٠٠: ١٦٤)، لێرەشــدا کەوتۆتە ناو هەڵەوە، لەبەرئەوەی ڕەفیق حیلمی لە ٢٥ی نیسانی ١٩٢٣، گەیشتبووە شاری ئەنقەرە (حیلمی، ٢٠٠٣: ٤١٣).

**پەند:** وەک بەشـێک لە ئەدەبی فۆلکلۆر، لە چەند جێگەیەک بەدیاردەکەوێت، بەتایبەتی لەســەر بوونی دیاردەی سـیخوری و ناپاکی کردن لەســەردەمی حوکمداریتی شــێخ مەحمووددا، بە نەخۆشــییەکی کوشــندەی ناودێرکردووە و نموونەی بەو بەپەندە هێناوەتەوە: "کورد کوژی بێگانە پەرســت"، هەروەها لە پەندێکی دیکەی عەرەبییدا "اتق شــر من احســنت اليه" لە شــەڕی ئەو

کەســـە بترســـێ کە چاکەت لەهەمبەریاندا کردووە (حیلمی، ٢٠٠٠: ١٦٠، ٢٢٦). بۆیە ئەم پەندەی بە دژی چەند هاوڕێییەکی خۆی بەکارهێناوە وەک: عەلائەددین سـوجادی، مەسـعوود محەمەد و زۆرانی دیکەش، کە سـەرکەوتوو نەبووە بەوەی بتوانێت لەگەڵیاندا هەڵبکات و کاری پێکەوەیی درێژە پێبدات لەگەڵیاندا.

**کتێب:** لە ناوەڕۆکدا لە چەند شـوێنێکی کەم پشـتی پێبەسـتوونە وەک لە باسـی ماوەی حوکمدارێتی شـێخ مەحمووددا و لە کاتی ڕاگەیـاندنی مـاوەی حوکمدارێتییەکەی لە تشـــرینی دووەمی ١٩١٨دا، پەنـای بۆ کتێبەکەی محەمەد ڕەســـوول هـاوار (شـــێخ مەحموودی قارەمان و دەوڵەتەکی خوارووی کوردســـتان) بردووە، بەڵام دەســـتنیشـــانی بەرگەکەی نەکردووە (حیلمی، ٢٠٠٠: ١٦٨)، لەباســـکردنی پارتی هیوا لە ڕوانگەی مەسـعوود بارزانییەوە، ڕەخنەی ئاراسـتە کردووە بەوەی بە کەمتەرخەمی باسـی لێوەکردووە، مەبەســـتی پاکیزە لە کتێبەکانی مەســـعوود بارزانییە، بەڵام دیســـان ئاماژەی بە ناوی کتێب و بەرگەکەی نەداوە، ئەوەشـیان جۆرێک ناڕوونی لای خوێنەر دروسـتدەکات و لە مەبەسـتی بابەتەکە دووردەکەوێتەوە، بیری پەرش و بڵاودەبێتەوە (حیلمی، ٢٠٠٠: ١٧٥)، هەروەک لە کۆتایی بیرەوەرییەکەیدا ناوی (٩) ســـەرچاوەی هێناوە، بەڵام زانیارییەکانی لەبارەی ئەم سەرچاوانەی بە ناتەواوی هێناون.

**سێیەم: بەهییە مەعروف بەرزنجی :**

1.**خســـتنەڕووی بیرەوەرییەکەی:** ســـێیەمین ژنە لە ســـنووری ئەم توێژینەوەیەدا، لە ڕێگەی لوتفی ئیبراهیم ســـاڵح، کە بیرەوەرییەکانی خۆی نوســـیوەتەوە، یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی ناوەڕۆکی بۆ داندراوە وەک هەوڵێک بۆ دەرخســـتنی ناواخنی بیرەوەرییەکە، بەڵام هەم ناونیشانی سەرەکی و ناونیشانەکانی ناوەڕۆکی مۆرکێکی شێوازی دروستکردنی پرسیار لە خۆناگرن، بەڵکو ســادە و گشــتینە. بەرابیەکەی بە ســەردەمی منداڵێتییەکەی لە شــاری ســلێمانی ســاڵی ١٩٢٤، دەســتی پێکردووە و وەک زۆرینەی بیرەوەرینووسان ناساندنی بنەماڵەکەی بەپێویست زانیوە و دەستی خستۆتەسەر نەهامەتییەکانی خانەوادەکەی، کە دوای کۆچی باوکیی، لەلایەن مامێکییەوە دووچاری چەوساندنەوە هاتوونە بەناوی سەید عومەر، بەڵام مامێکی لە تورکیا بەناوی شێخ عەبدول قادر نووری، کە ئەفسەربووە لە سوپای تورکیا، فرمانی لەسێدارەدانی بۆ دەرچووبوو لەسەر لایەنگری بۆ دۆزی کورد بۆیە لە تورکیاوە ساڵی ١٩٢٨، ڕایکردۆتەوە بۆ شاری سلێمانی و هاوکاری خانەوادەی بەهیە مەعروف بەرزنجی کردووە، لە باری مێژووی ســیاســییەوە نەپرژاوەتە ســەر ڕەوتی ڕووداوەکانی ســاڵانی بەر لە پەنجاکان لە باشــووری کوردســتان بەڵکو هەوڵەکانی خۆی لە ســاڵانی ١٩٥٨ەوە تاوەکو ســاڵی ٢٠٠١ تەرخان کردووە، ســەربوردەی ژیانی خۆی گێڕاوەتەوە، لە بارەی پێگەی ژنانەوە بەراورد بە بیرەوەرییەکانی دیکە، ڕەنگدانەوەی زۆری بەســەر ڕەوتی ڕووداوەکانی نێو ئەم بیرەوەرییەوە هەیە، هاوکات بواری ڕۆشـنبیری و کۆمەڵایەتی بەراورد بە بواری سـیاسـی پانتاییەکی زۆری بۆ تەرخان نەکراوە، زیاتر ســەرنجی داوەتەســـەر کاری ڕێکخراوەیی لە یەکێتی ئافرەتانی کوردســـتان، لە دوای گەرانەوەی مســـتەفا بارزانی لە یەکێتی ســـۆڤییەت، درکییان بە پێویســتی کارکردنی ئاشــکرا کردووە، بەڵام لەبارەی مێژووی دامەزراندنی ڕێکخراوەکەوە کەوتۆتە هەڵەوە دەڵێت: "ئەمان ویست ڕێکخراوی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان دابمەزرێنین"، لە کاتێکدا خودی ڕێکخراوەکە لە ١١ی کانوونی یەکەمی ١٩٥٢، بەشێوەیەکی نهێنی پێکهێندرابوو (ئۆمەربلی، ٢٠٢٣: ٣٥). یەکێکی دیکە لە ڕێکخراوەکان، کاری تیایدا کردبوو یەکێتی ژنانی کوردســتانە، کە لە ٤ی تشــرینی دووەمی ١٩٨٩، بەر ئەنجامی گۆڕانی ناوی یەکێتی ئافرەتان کوردســتان، هاتوتەبوون، ئەمەو زۆر بەســـــەرچیخی بە ئاماژەکردن بە ڕۆژ و مانگی چالاکییەکانی تیادا ئامادەگی هەبوو بەتایبەتی لە ســـاڵانی ١٩٩٤ تا ٢٠٠١، هـاوکـات درکی بە گرنگی تۆمـارکردنی بیرەوەرییەکـانیـداوە بەتـایبەتی لەمـاوەی ڕاپەڕینی ١٩٩١و ســـەرەتـاکـانی سـەرهەڵدانی جەماوەری لە شـاری سلێمانی، و بە گواستنەوەی خەباتی ژنانی لە شـاخەوە بۆ شـار داوەتە لە قەڵەم، سـەربوردەی ڕووداوی کۆچڕەوی ٣١ی ئاداری ١٩٩١ و ئاڵنگارییەکانی لە ڕێگەدا هاتبوونە پێشیان لە چوونیان بۆ پێنجوێن.

**٢. ڕەنگدانەوەی ئاستی ڕەخنە لە نێو بیرەوەرییەکانیدا:**

هەوڵیداوە تیشـک بخاتەسـەر چەند بابەتێک، کە لەلای ئەودا بەچاوێکی ڕەخنەوە لێیان ڕواندراوە، بەڵام تێبینی ئەوەکراوە کە ڕەخنەی خودی بەدیار نەکەوتووە لەم بیرەوەرییەدا، بەڵام ڕووی ڕەخنەی ئاراســـتەی چەند لایەنێکی ژیانی کۆمەڵگەی کوردی کردووە، هەروەک لەبارەی ســـەرەتاکانی برەودان بە پرۆســـەی خوێندن لە ســـاڵانی ســـیەکانی ســـەدەی بیســـتدا، هەوڵیداوە وێنای ئەوکات بگوازێتەوە لەمینای ڕەخنەی پەروەردەییدا، کە لە کۆمەڵگەی کوردیدا خوێندنی ڕەگەزی مێ لە شـــێوەی شـــورەیی دەهاتەپێشچاو، بەڵام ئەو کۆڵی نەداوە سەرباری ئاراستەکردنی توانج و تانەی خزم و کەسانی بێگانە، هەر بەردەوام بووە لەسەر درێژەدان بە خوێندنەکەی (بەرزنجی، ٢٠٠٢: ١٩)، دەربـارەی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی، ســــەرنجی داوەتەســــەر یـادکردنەوەی نەورۆز، بەراوردیکردووە لەنێوان نەورۆزی ســـەردەمی پیرەمێردی شـــاعیر، کە توانیبووی لە ڕێگەی نەورۆزەوە بەشـێک لە مێژووی نەتەوەی کورد بخاتەڕوو، بەڵام نەورۆزی ئێســـتای بە نمایشـــی مۆدێلی تازەی ئۆتۆمبێل، جل، خشـــڵ، گیرفانی پڕی،

لەقەڵەمداوە بەبێ ئەوەی کەسەکان باری دارایی کەسانی دەستکورت لەبەرچاوبگرن، ئەوەش دەخاتەڕوو پیرەمێرد خۆشەویستی چاندبوو لە دڵی گەلدا، هەروەک منداڵانیش ئەم هۆنراوەیان دەگوتەوە:

ئاگری نەورۆز کرایەوە وەرزی زستان برایەوە

حاجی تۆفیق بورایەوە

زۆرکاتیش ئەم بۆنەیە، دەبووە هۆی وروژاندنی هەستی نەتەوایەتی کوردەکان و دەسەڵاتدارانی عێراقیش ناوی بۆنەکەیان دەکردە (عید الربیع)، (عید الشجرە)، لە پێناوی سڕینەوەی ناوی نەورۆز (بەرزنجی، ٢٠٠٢: ١٦٧). ڕەخنەیەکی دیکەی کۆمەڵایەتی، لەدیدی ئەودا کردەی ناپاکی و مەرایکردنە، کە ئاواتی بنبڕکردنی ئەم دیاردەیەبوو. نموونەی بە ڕەفیق پشدەری هێناوەتەوە، لە ساڵانی شەستەکاندا لە ماڵی خۆیاندا داڵدەی ئەدەن، ماڵەکەی بە (حوش النسوان)ی لەقەڵەم داوە، بۆ ماوەیی (٥) ڕۆژ و دواتر لەترسی گیران بیر لە گواستنەوەی بۆ ماڵەخزمانی ئەکەنەوە، بەڵام وەریان نەگرتبوو پاش ئەوەی ڕەفیق پشدەری، لە دەسەڵاتدارانی عێراق نزیک دەبێتەوە، لە سەردانێکدا خزم و دۆستەکانی میوانداری و مەراییەکی زۆری بۆ دەکەن، بۆیەشە بەهیە، ئەم دیاردەیی بە ناپاکی ئەژمارکردووە، کە لە کاتی تەنگانەدا خەڵکی پشتت ناگرن، بەڵام لە قۆناغی هەبوونی و بەدەسەڵاتیدا مەرایت بۆ دەکەن (بەرزنجی، ٢٠٠٢: ١٥١- ١٥٣).

**٣. لە ڕووی کرنۆلۆژییەوە:** بە هەمان شێوەی بیرەوەرینووسانی دیکە بۆی نەلواوە بتوانێت ڕووداوەکان بە زنجیرەیی بخاتەبەرباس، ئەوەش لە پێناو بەیەکەوە بەستنەوەی ڕووداوەکان پێویستە، بەڵام ئەنجام نەدانی دەبێتەهۆی دروستبوونی پچڕان و دووبارە چوونەوە سەرباسێکی دیکە، خوێنەر دووچاری هەم بێزاری و هەمیش پەیامەکان لە قاڵبی جۆرێک لە ناڕوونی دەمێننەوە، بەنموونە: لە باسی ئامادەبوونی لە زۆربەی یادەوەری و چالاکییەکاندا کە بە ئامادەبوونی لە کردنەوەی زانکۆی سلێمانی لە ١٤ی تشرینی دووەمی ١٩٩٢دا، پاشان دەچێتەوە سەر باسی گەشتەکانی بۆ چەند وڵاتێک، کە بەگەشتی وڵاتی ئێران لە تەمموزی ١٩٦٧دەستپێکردووە (بەرزنجی، ٢٠٠٢: ٩١، ٩٧). باسەکانی بایەخدارتر دەبوون ئەگەر تێکەڵکێشی کۆی ڕووداوەکانی ژیانی بکردبایە، ئینجا چ ئەگەر خۆی کارئەکتەری سەرەکی نێو ڕووداوەکە بووبایە، یاخود نزیک و پێوەندیداربووبایە، یان ڕووداوێکی گشتی بوایە.

**٤. زمانی نووسینی بیرەوەرییەکەی:** کاری لەسەر ئەوە کردووە، بەشێوەیەکی سادە و بە ڕوونی سەربووردەی ژیانی خۆی بگێڕێتەوە، تێبینی ئەوەشکراوە لەژێرکارتێکردنی زمانی عەرەبیدا لە چەندین شوێندا لەکاتی دروستبوونی وتوێژەکانی لەگەڵ کەسانی گرێدراو بەڕووداوەکانی تیایدا بەرکەوتەی ڕاستەوخۆی هەبوو، وشە و دەستە واژەی زمانی عەرەبی بەکارهێناوەو لە هەندێک باردا وەری گێراون بۆسەر زمانی کوردی و هەندێکیشی فەرامۆشکردوونە، بەنموونە تەنها لەلاپەڕە ٩٦دا ئەم دەستەواژانەی تەنها بە زمانی عەرەبی نووسیون "غسل العار، حکم مخفف، حکم مشدد"، هەروەها لە هەندێک شوێندا ڕستەی تەواوی بەکارهێناوە، وەک شێوازێکی گفتوگۆ لەنێوان دوو ئاخێوەری زمان جیاواز هەر وەک دەڵێت: "من أين جئت من الجنە أو الجهنم"، "ماهذە الحالة أنتم تعذبنا بە"، لەگەڵ چەندان ڕستەی دیکە (بەرزنجی، ٢٠٠٢: ٤٨). سەبارەت بە ڕێنووس نەی توانیووە بەدروستی پێڕەوی لە زمانێکی بێخەوش و خاڵبەندییەکی گونجاو بۆ بیرەوەرییەکەی بکات.

**٥. کەرەستە سەرەکییەکانی بیرەوەرییەکانی:** بەزۆری پشتی بەیادگەی خۆی بەستووە لە گێڕانەوەی بەسەرهاتەکانیدا، لەپاڵ ئەمەشدا پەنای بۆ چەند کەرەستەیەکی دیکە بردووە، بۆ ئەوەی بیرەوەرییەکانی پێ تەواو بکات.

**وتار:** وتاری هەندێک لە نووسەرانی داناوە کە نرخاندنیان بۆ ژیانی کردووە وەك: مستەفا سالح کەریم، لە ڕۆژنامەی ڕێوان، ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠٠١دا، وتارێکی لەژێر ناوی "صباح الخير- حيوا معي هذه الانسانة"، تیایدا ڕۆڵی بەهیەی بەرجەستەکردووە لە کاروچالاکییە هەمەجۆرەکان لە ساڵانی (٥٠)کانی سەدەی بیستدا، وەک ڕۆڵی لە دامەزراندی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان (بەزنجی، ٢٠٠٢: ١٩٠، ١٩١). کەژاڵ ئەحمەدیش لە ژمارە (٢٤١٥)ی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێدا، لە باسی بەهیەدا، ئەوەی دەرخستووە کە نەریتی پەراوێز خستنی ژنان لە کۆمەڵگەی کوردی نەهێڵدرێت و بەرزنرخاندن بۆ ژنانی کورد بکرێت (بەرزنجی، ٢٠٠٢: ١٨٦).

**گەشت:** چەند گەشتێکی بۆ چەند وڵاتێکی جیاواز ئەنجامداوە و درکی بە خستنەنێو چوارچێوەی ئەم گەشتانەی بۆ نێو بیرەوەرییەکانی بە پێویست زانیووە و وێنەی کوردی هەر لەیاد بووە، هاوکات هەوڵی بەستانەوەی دیمەنی گەشتەکانی بە پرسی شوناسی کوردبوونی داوە، بەنموونە لە گەشتێکیدا بۆ شاری لەندەن لە ئایاری ١٩٧٧، درکی بە گرنگی سەردانیکردنی مۆزەخانە کردوە و دەڵێت: "پەیکەری هەموو سەرکردەکان و سیاسەتمەدارەکانی جیهانی تێدایە جگە لە هی گەلی کورد"، هاوکات گەشتی بۆ زۆر وڵاتی دیکە ئەنجامدابوو: لەوانە (نەمسا، فەڕەنسا، تورکیا، ئێران، سعوودییە) (بەرزنجی، ٢٠٠٢: ٩٧- ١٢٤).

**وێنە:** لەم بیرەوەرییەدا بەرکەوتەت دەبێت لەگەڵ چەندین وێنەی کەســـی خۆی و وێنەی گشـــتی لەگەڵ هاوڕێکانی لە کاروچالاکییەکانی خۆی لەگەڵ باســـەکانی گرێدراو داینـاون، بەنموونە لە باسـی کۆنگرەی یەکێتی ژنانی کوردسـتان، لە سـاڵی ١٩٩٩دا، چەند وێنەیەکی داناون (بەرزنجی، ٢٠٠٢: ١٤٨، ١٤٩).

**وتە:** بۆ پاڵپشـتی نووسـینەکانی پەنای بردۆتەبەر چەند وتەیەکی کوردی و عەرەبی، لە باسـی هۆکارەکانی سـەرهەڵدانی ڕاپەڕینی ئاداری ١٩٩١دا، گەڕاوەتەوە بۆ وتەیەکی کوردی کە دەڵێت: "جام کە پڕبوو لێی ئەرژێ" (بەرزنجی، ٢٠٠٢: ١٧٣)، لەبارەی پەروەردەکردنی منداڵەوە، ئامۆژگاری ئاراسـتەی ژنان کردووە، کە ڕەوشـتی جوان لە منداڵەکاندا بهێننەکایەوە، ئەمەی چواندووە بە گەشەکردنی درەختەکان بەباشی، هەروەک عەرەب دەڵێن:

(ان الشجرة اذا قومتها اعتدلت ولا تلين اذا اصبحت خشبا) (بەرزنجی، ٢٠٠٢: ١٧٩، ١٨٠).

### دەرئەنجام

لەم توێژینەوەیەدا، گەیشتین بە چەند دەرئەنجامێک دەکرێت لە چەند خاڵێکدا ئاماژەیان بۆ بکەین:

1. نووسـینەوەی یاداشـت و بیرەوەری ژنانی باشـووری کوردسـتان، هاوشـێوەی پیاوان بەدەرنەکەوتن لە دوای ڕاپەڕینی ١٩٩١، سـەرباری هاتنە ئارای جۆرێک لە زەمینە خۆشـکردنی ئازادی ڕادەبڕین و نەمانی ترس و تارمایی دەسـەڵاتی حیزبی بەعس.

2. لەماوەی ١٩٩٩ بۆ ٢٠٠٣، سـێ ژن پرژاونەتەسـەر نووسـینەوەی یاداشـت و بیرەوەرییەکانییان، ئەمانە کاریگەری خانەوادەکانیان بەسەرەوەبوو، لە چینی ڕۆشنبیرو ڕووناکبیری دیاربوونە لە چەشنی ڕەفیق حیلمی و شێخ سەلامی شاعیر.

3. ژنان ئاوڕی ڕژدییان لەم بوارە نەداوەتەوە، بەتایبەتی جۆرێک لەکەمتەرخەمی باڵی کێشـاوە بەسـەر تێڕوانینیان بۆ ئەم پرسە، چونکە ڕێگەی کاری سیاسی و ڕۆشنبیریان لەبەردەم واڵا کرابوو، کەچی جێ دەستیان لەم بوارەدا زۆر لاوازە، بەتایبەتی ئافرەتانی سنووری شاری هەولێر و دهۆک.

4. پرسی کورد لە ماوەی ساڵانی هەشتاکان و نۆهەتەکاندا، پانتاییەکی هێکجار کەمی لەنێو نووسینەکانی ئەم بیرەوەرییانەدا جێکەوت کردووە، بەتایبەتی لە دوای ١٩٩١، دەکرا هاوشـێوەی پیاوەکان سـەرنجەکان لەسـەر ئەم ماوە مێژوویەشـدا چڕ بکرابانەوە.

5. زاڵبوونی باری سـیاسـی بەسـەر بوارەکانی دیکەدا لەلای بیرەوەرینووسـان ناهیدە شـێخ سـەلام و پاکیزە ڕەفیق حیلمی بەراورد بە بەهییە مەعروف بەرزنجی.

6. ڕەخنەی خودی بەراورد بە ڕەخنەکانی دیکە، تەنها لەلای پاکیزە ڕەفیق حیلمی، بەرجەسـتەبووە، ئەویش زۆر بەکەمی، لەلای ئەوانی دیکە بوونی نییە.

7. پەنایان بردۆتە بەر بەکارهێنانی کەرەستەی فرەچەشن لە نووسینەوەی بیرەوەرییەکانییان، بەڵام بەکارهێنانی بەڵگەنامەمان بەرچاوناکەوێت، کە پشتییان پێ بەستبێت.

### لیستی سەرچاوەکان:

**ماستەر بڵاونەکراوە بە زمانی کوردی:**

1. باپیر، شوان ئەحمەد (٢٠٢٣)، یاداشت و بیرەوەرییە چاپکراوەکانی باشووری کوردستان (١٩٩١ ــ ٢٠٠٣)، فاکەڵتیی ئاداب، بەشی مێژوو، زانکۆی سۆران، سۆران.

**کتێبەکان بە زمانی کوردی:**

1. ئەحمەد، کەمال مەزهەر (١٩٨١)، ئافرەت لە مێژوودا (کورتە باسـێکی مێژوویی و کۆمەڵایەتی)، مطبعة الحوادث، بغداد.
2. موکریانی، کوردسـتان (١٩٩٨)، ڕەنگدانەوەی دۆزی ژن بەنێوی ژنەوە لەنێو ڕۆژنامەگەری کوردی دا (١٨٩٨ ــ ١٩٧٠)، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر.
3. پیربال، فەرهاد (٢٠٢١)، مێژووی ژن لە کوردستان، چاپخانەی مایا، ب. ش. چ.
4. قەرەداغی، مهاباد (٢٠١٨)، ئافرەتیزم "مێژووی تێکۆشـان بۆ مافی یەکسـان لە باشـووری کوردسـتان" (١٩١٨ - ٢٠١٨)، چ١، چاپخانەی شەهاب، هەولێر.
5. فاتح، محەمەد (٢٠١٤)، پەرەسـەندنی ژیانی حیزبایەتی لە کوردسـتانی باشـووردا، چ١، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.

6. ئۆمەربلی، پەرژین جەعفەر حاجی ڕۆستەم (٢٠٢٣)، ڕۆڵی ئافرەت لە بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی لە باشووری كوردستاندا ١٩٥٨-١٩٩١، لە بڵاوكراوەكانی دەستەی ئینسكلۆپیدیای پارتی دیموكراتی كوردستان، هەولێر.
7. دەستەی ئینسكلۆپیدیای پارتی دیموكراتی كوردستان (٢٠٢١)، مێژووی پارتی دیموكراتی كوردستان- كۆنگرەو كۆنفرانس (پرۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆ)، ب١، هەولێر.
8. كەسنەزانی، بوشرا (٢٠٢٢)، جوانیناسی گێڕانەوە لە ئەدەبی كوردیدا، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چ١، سلێمانی.
9. هانسن، هێنی هارۆلد (١٩٨٣)، ژیانی ئافرەتی كورد، لێكۆلینەوەیەكی مەیدانی یە لەبارەی كۆمەڵی ئیسلامی عیراقەوە، و، لە ئینگلیزییەوە، عەزیز گەردی، چاپخانەی كۆڕی زانیاری عێراق، بەغدا.

**كتێبەكان بە زمانی عەرەبی:**

- جانال، جون لويس (٢٠١٩)، كتابة المذكرات الشخصية في القرن العشرين: بعث بعد اندثار، ت. سونيا محمود نجا، المركز القومي للترجمة، القاهرة.

**یاداشت و بیرەوەرییەكان:**

1. بەرزنجی، بەهییە مەعرووف (٢٠٠٢)، هەندێك لە بیرەوەرییەكانی خاتوو بەهییە مەعروف بەرزنجی- لە ماوەی پتر لە 60 ساڵی تەمەنی خەبات و تێكۆشانی بێ وچان لە پێناوی ڕزگاری گەل و نیشتمانەكەیدا، ئامادەكردن، لوتفیە ئیبراهیم ساڵح، چ١، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، سلێمانی.
2. حیلمی، پاكیزە ڕەفیق (٢٠٠٠)، كورد و ژیانێكی پڕ ئەندێشە، چ١، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر.
3. حیلمی، ڕەفیق (٢٠٠٣)، یادداشت، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.
٤. شێخ سەلام، ناهیدەی (١٩٩٩)، ئەوەی لەبیرمە، ئامادەكردنی، چیمەن ساڵح، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردەی حكومەتی هەرێمی كوردستان. ب.ش. چ.

**گۆڤارەكان:**

- قانع، مەریوان وریا (٢٠٠٦)، سەرەتایەک دەربارەی فێمێنیزم، گۆڤار (ڕەهەند)، ژ، ١٨- ١٩، لە بڵاوكراوەكانی نێوەندی ڕەهەند بۆ لێكۆڵینەوەی كوردی، سلێمانی.

**فەرهەنگەكان بە زمانی كوردی:**

- هەژار، (١٩٩١)، هەنبانە بۆرینە فەرهەنگی كردی- فارسی، ج١، چاپخانە سروش، تهران.

**فەرهەنگەكان بە زمانی ئینگلیزی:**

- Webster, Merriam, (2011), Webster's New Explorer Encyclopedic Dictionary published By Federal Street Press, United States of America.

**ئینسایكلۆپیدیاكان:**

- Safra, Jacob e, Yeshua llan (2007) Encyclopaedia Britannica, volume 7, Micropaedia, 15 editions, London.